کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-8-2007 15:22بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## بوونی ئاژاوەی نێوان هاوسەرگەری کاریگەری بۆ سەر منداڵ...شەماڵ مەحموود موبرەی

ئۆسلۆ

بڕواناکەم خێزانێک هەبێیت لەسەر گۆی ئەم زەمینەداتامەزرۆی ئاژاوەی نەکردبێیت، ئیتر ئەم تامەزرۆیەکەم بوو بێیت، وەیاخود زۆر بێیت، کەدابڕان و جیابوو نەوەروو بدات. ئەمەش دەگەڕێیتەوەبۆ تێیگەیشتنی ژیانی هاوسەرەکان لەیەکتری. ئێیمە کاتێیک باس لەئاژاوە دەکەین بێگومان دەبێیت هۆ کاری ئەمەش ڕوون بکەینەوەو بزانین چین ئەوانەی والەژیانی دوو هاوسەر دەکەن کەبەیەکەوە نەگونجێن وەیاخود بلێین کەبەیەکەوە بژین وەیان بەردەوام نەبن لەژیانیاندا؟ وەئایاتاچی رادەیەک کاریگەری دەبێیت لەسەر منداڵەکانیان؟ سەر هەڵدانی هۆ کاری ئاژاوەلەناو ژیانی هاوسەریدازۆرن. بەڵام ئەوەی سەر چاوەی بنەڕەتی بێیت لەم بوارەدابریتین لەبواری ئابوری -بواری ڕۆشنبیری بواری ئابوری. من بەبیرو بۆ چونی خۆم بەکۆسپێکی گەورەی دەزانم لەژیانی هاوسەریدا. بۆیەهەر لەپێشینانەوە ووتراوە... کاسەی پڕ ئاشتی ماڵەدیارە ئەم پەندەدوای ئەزموونێکی زۆری باو باپیران مان خۆی کۆ کردۆتەوە گەیشتوە بەئێمە. بۆیەکاتێیک دەبینن بواری ئابوری خێزانێک باش نییە، ئەواناجێگیر بوون لەنێو ئەم خێزانەدادروست دەبێیت و ئەم خێزانەش لەبەر بژێوو ژیان و سەختی ژیان یان ناپەرژێینەسەر ئەرکەکانی ڕۆژانەیان ووەک دوو هاوسەر لەم نێووانەدا تەنها خۆیان نین کەباجەکەی بدەن، بەڵکوو منداڵەکانیشیان،، وەئەگەر بێیت و خێزانێیکی ناڕۆشنبیر بن، ئەمە زیاتر کارەسات ترە، چوونکەئەو کات هۆش و جڵەوی خۆیان زیاتر لەدەست ئەدەن و وەکوو پێیویست ناتوانن هەڵسوو کەوت بکەن بواری ڕۆشنبیری. ئاستی ڕۆشنبیری ژن و پیاو هۆ کارێکی گرنگەلەژیانی هاوسەریداکەچۆن مامەڵەلەگەڵ ژیانی ڕۆژانەیان دادەکەن و وەچۆن بتوانن بەشێوەیەکی زانستیانەئەو کێشانەی کەدێینەبەردەم ژیانی ڕۆژانەیان بتوانن چارەسەری بکەن، بەداخەوە لەکۆمەڵگای کوردەواریدابەڕێژەیەکی ئێجگار زۆر بەدی دەکرێیت کەتاوەکو ئێستائەو دایک و باوکەبەشێووەیەکی زانستیانەبیر ناکەنەوە. وەیاخود کێشەکانیان ناخەنەبەردەم کەسێکی ڕۆشنبیر وەیاخود پسپۆر و شارەزا. کەبتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن لەنێووانیاندانەمێنێت ئەو کێشانە. هۆ کاری ئەم کێشانەش زیاتر دەگەڕێینمەوە بۆ نەخوێیندەواری کۆمەڵگاکەمان. وەبێجگە لەوەی منداڵەکانیان روبەروی خەمێکی گەورەدەبنەوەوەجوانترین ئاوات و خواستەکانیان لەناو دەچێیت بەهۆی ئەو کێشانەوە بۆیە بەپێوویستی دەزانم تیروانینی ژیانی هاوسەری بۆ هەر بوارێکی گرنگ پێویستەبەشێوەیەک بێیت لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیری سەردەم دابگونجێیت. هۆکاری تر زۆرن لەئاژاوەی ژیانی هاوسەر گەریدا. وەک کات دابین نەکردن بۆ یەکتری وەیاخود بلێین نەبوونی کات بۆ یەکتری. کەلەکێشەکانی ڕۆژانەیان بکۆڵنەوەو نەهێڵن ئەو جۆرەکێشانەزیاد بکات.. سارد و سڕی ژن و پیاو بۆ یەکتری لەژیانی هاوسەریدا... نەزاندنی دەر بڕینی خۆ شەویستی بۆ یەکتری ... .. سارد و سڕی ژن لەکاتی سێکسدابۆ پیاوەکەی. وەیاخود بەپێچەوانەوە. ئەمانەش چەند هۆکارێکن کەدەبێتەهۆی ساردو سڕی. وەیاخود بلێین دروست بوونی گومان لەنێوو هەر دووک واتەژن و پیاو. کەئەمانەش دەبێیتەهۆیەک بۆ دروست بوونی ئاژاوەگەری لەژیانی هاوسەریداکاریگەری بۆ سەر منداڵەکانیان ئەگەر بێیت و باس لەمنداڵێك بکەین کەلەم کەشەداوەیاخود لەم خێزانەداپەروەردەدەبێیت بەسەرەتایەکی هەڵەو بەڕێو ڕەو ێکی تاریک و نادیار دادەڕوات. چونکەکێشەی دایکو باوک سۆزی منداڵ کەم دەکاتەوەوەرق و کینەیەک لەناخیادروست دەبێیت بەرامبەر بەهەردووکیان.. بۆیەزۆر پێویست و گرنگەکەدایک و باوکان نەهێڵن منداڵەکانیان ئاگاداری کێشەکانیان بن چوونکەمامەڵەی توندو تیژی لەماڵدانائارامی و سەکۆی تەبایی خێزان بەرەو جیابوونەوەدەبات.. بۆیەبەداخەوەزۆر بەی منداڵێنی کورد بەم جۆرەبونەتەقوربانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پیلانی دایک و باوک. بۆ نمونەئەگەر منداڵێک بچێتەقوتپخانەئەبێیت چی وەر بگرێت وەک زانست؟ کەلەکاتێکدا هاتۆتەدەر لەماڵ گوێ بیستی کۆ مەڵێ ووشەی ناشرین و ناکۆکی. نێوان دایک و باوکی وەهۆشی لای ئەوانەوەلەهەمان کاتیشدادەبێیت ئەرکەکانی قوتاپخانەی جێ بەجێ بکات و. کاتێیک دەچییێتە قوتاپخانە لەسەر مێزەکەی دادەنێشیت، تەنها بەجەستە لەوییە. بەرۆح لەدوونیایەکی تردادەژی کەپڕەلەنائومێدی و رەش بینیو دوارۆژییێکی تاریک.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.